# له سه‌نبوله به‌زۆر دروستكراوه‌كان بترسن

خۆشناو مه‌ریوانی
(سلێمانی)

فه‌لسه‌فه له بنه‌ڕه‌تدا میتۆدی بیركردنه‌وه‌یه. مه‌نهه‌جی فه‌لسه‌فه هیچ نییه، جگه له ڕه‌نگدانه‌وه‌ی هه‌موو یاساكانی سروشت و دیارده‌كانی ژیان و هوشیاری، له‌م حه‌قیقه‌ته‌دا (١). له‌م ڕوانگه‌یه‌وه له مێژووی ئاده‌میزاددا، زۆركه‌س به‌شداری له كۆششی زانستی و فه‌لسه‌فه‌دا كردووه. كه‌سانێكی وه‌ك هێگڵ له سه‌ده‌ی نۆزده‌یه‌مدا مامۆستای فه‌لسه‌فه بووه، جگه له‌وه به‌شدارییه‌كی زیندووانه‌ی له‌م بواره‌دا كردووه. ئه‌گه‌ر به‌رهه‌می فه‌لسه‌فه له سه‌ده‌ی نۆزده‌یه‌مه‌وه تا ئێستا، هه‌ڵسه‌نگێنین به سه‌ده‌كانی پێشووی مێژووی ئاده‌میزاد، ده‌بینین، له ماوه‌ی ئه‌م دووسه‌د ساڵه‌ی ڕابردوودا، فه‌لسه‌فه كاری زۆر تێدا كراوه، كه‌سانێكی زۆر له خزمه‌تی فه‌لسه‌فه‌دا كاریان كردووه. له‌م نووسراوه‌دا، نامه‌وێت ڕێبازه فه‌لسه‌فییه‌كان بژار بكه‌م، بزانم كام ڕێبازیان له حه‌قیقه‌تدا ڕێبازێكی فه‌لسه‌فین، چونكه ئه‌مه‌نه مه‌به‌ستی نووسراوه‌كه‌مه و كاری تاكه كه‌سێكیش نییه.

ئه‌وه‌نده ده‌ڵێم: ئه‌گه‌رچی چه‌ندان جۆر ڕێبازی فه‌لسه‌فی هه‌بن، به‌لای هێگڵه‌وه ته‌نیا یه‌ك ڕێبازیان به فه‌لسه‌فه ده‌زانێت.

هه‌روه‌ها خودی خۆی ده‌ڵێت؛ هه‌ركه‌سێك كاری بیردۆزی كرد، مانای ئه‌وه نییه كه فه‌یله‌سووفه.

له ژێر تیشكی ڕووناكی ئه‌م ڕاستییانه‌دا، ستالین دوا به‌دوای لینین، به ناوی ماركسیزمه‌وه، په‌یڕه‌وی فیكرۆكه‌یه‌كیان ده‌كرد، ناویان نابوو، فه‌لسه‌فه، یان فه‌لسه‌فه‌ی ماتریالیزمی دیالیكتیكی. ئه‌م فیكرۆكه‌یه (له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیسته‌وه)، پارتی بۆلشه‌فیك، هه‌ندێك له پارته چه‌پڕه‌وه‌كانی ئه‌ورووپا، دواتر ده‌وڵه‌تێكی وه‌ك یه‌كێتی سۆڤییه‌ت ڕێكلامی بۆ ده‌كرد و په‌یڕه‌وی میتۆدی ئه‌م بیرۆكه‌یه بوون. نزیكه‌ی سه‌ده‌یه‌كه،

گەلێ کەس و پارتی سیاسی و دەوڵەتان، پەیڕەو و پرۆگرامی کاری سیاسی و فیکرییان بەم میتۆدە بووە، کە بووە هۆی زەرەرێکی هێچگار گەورە لە بیری مرۆڤایەتی. دەتوانم بڵێم کۆمەڵی مەدەنی پێویستی بە کاتێکی هێچگار زۆرە، تا لەم مۆتەکەی بیرۆکەیە ڕزگاری بێت. لەم نوسراوەدا بە پێویستی دەزانم، هەندێ وشە، کە پێوەندی بە بابەتەکەمەوە هەیە، بۆ ئەسڵە مێژووییەکانیان بگەڕێنمەوە.

هەروەها بزانین چۆن؟ هەندێ زاراوەی فەلسەفی لە مانا بنەڕەتییەکانیان بۆش کراون. دواجار بۆ بەرژەوەندی تایبەت و دژی کۆمەڵ پیادە کراون. لەم زاراوانەی کە بە لامەوە گرنگن، زاراوەی ماتریالی و دیالیکتیکە.

لینین ئەم دوو زاراوەیەی بە ئەنقەست لە یەک موتوربە کردن، کە ئەنجامەکەی بیرۆکەیەکی لێ بەرهەم هێناون ناوی ناون ماتریالیزمی دیالێکتیکی، یان فەلسەفەی «مارکسیزم». دەتوانم بڵێم؛ ئەم موتروبەکردنە، لە سەرانسەری جیهاندا سەرەتای بنچینەی تەبریری درۆ و غەدرە مێژووییەکانی سەدەی پێشوو و ئەم سەدەیەمان بوون. ئەوەندەی شارەزای بابەتەکانی مارکس بم لە هیچ نووسراوێکیدا، زاراوەی ماتریالیزمی نەخستۆتە پاڵ دیالیکتیکەوە. بە باشی دەزانم کە نووسراوەکە، بە شیکردنەوەی ئەم دوو زاراوەیە دەست پێ بکەم. بۆ ئەوەی یارمەتیدەرێکم بێت، کە دژی تێزەکانیان زانستییانەتر بنووسم. ئاسانتر ڕای خۆمیان لەسەر شی بکەمەوە. چونکە بۆ پێشێلکردنی بزووتنەوەی مێژووی لێکدانی ئەم دوو زاراوەیە، زیاد لە سەدەیەکە، هەموو دیکتاتۆرەکانی جیهان بە کاریان دەهێنن.

بە پێویستی دەزانم لە ئاکامی مەنهەجی فکریان، خوێنەر ئاگادارکەم، کە لە سەرەتای سەدەی پێشوودا لینین و هاوبەندەکانی فیکرۆکەکەی (ماتریالیزمی-دیالیکتیکی) مەنهەجی فیکر و پەیڕەو و پرۆگرامی سیاسی و ئابووریان بوون. کە ئەم فیکرۆکەیە لە پراکتیک کردنیدا بووە قەڵایەکی ئاسنینی مەحکەم، کە لە ناویدا قەڵاچۆی کام دیاردەی جوان بوو، کردیان.

مارکس هەرگیز ئەم دوو وشەی لەپاڵ یەکتردا بەکار نەهێناون. دەشێ دیالیکتیکی مێژوویی، یان ماتریالیستی مێژوویی لە نووسراوەکانیاندا بەرچاو بکەون. بەڵام هەرگیز، زاراوەی ماتریالیزم و زاراوەی دیالیکتیکی بەیەکەوە نەنووسیون و بەکاری نەهێناون. کەسانێکی وەک لینین، ستالین و زۆرکەسی تر توانیویانە درۆیەکی فەلسەفی وا گەورە، بە ناوی مارکسەوە، یان بە ناوی فەلسەفەوە بکەن. ئەو درۆیەش بە گۆترە نەکراوە، دوو زاراوەی فەلسەفی وەک ماتریالیزم و دیالیکتیک بلکێنن بەیەکەوە ناوی فەلسەفەی لێ بنێن. زۆر ئارامانە و وشیارانە ئەم کارەیان ئەنجام داوە. بۆ پاکانەی مەنهەجی ئابووری و سیاسییان. بەم ئامرازی فیکرییە توانیان بەڵگە و پاساوی فەلسەفییان پێبێت. بتوانن ئامانج و بەرهەمی شۆڕش، بکەنە خۆراکی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری ئاسنینی سوپایی. تا سێ چارەکە سەدە بەناوی ئۆکتۆبەر و شۆڕشی سۆسیالیستی، یان (سەرمایەداری دەوڵەتی)یەوە. کامەی خراپە کە لە حیساب نایەت بە مرۆڤی بکەن. یان دروستتر، سەرمایەداری دەوڵەتی بێنە گۆڕ و ناوی کۆمۆنەی یەکگرتووی لێبنێن. دواتر بووە ئیمپراتۆریەتی ڕوسیای (سۆڤییەتی) یەکگرتوو.

میتۆدی فەلسەفەی ئەم دەوڵەت و پارتە سیاسیانە ماتریالیزمی دیالیکتیکی ناونرا. ناوەرۆکی مەنهەجی فەلسەفییان جیاکردنەوەی (بیر و واقیع) بوو. بە پێوەری ئەم فیکرۆکەیە، واقیع یان مادە قەراری فیکر دەدات. بە سەدان قوتابخانەی دەوڵەتی و فێرگەیان بۆ ئەم مەبەستە کردبۆوە. ساڵانە لە سەرانسەری جیهاندا بە هەزاران کادیری نوێی گۆشکراو بە ئەزموونی فیکرۆکەکەی (ماتریالیزمی دیالیکتیکی) ئامادە دەکران.

بە گوێرەی بەرژەوەندییەکان، ئەم تێورییە بەسەر هەچ ڕواڵەتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەبوو ئەزموون دەکرا، کە بڕیار بە دەست واقیع بوو. هەزاران هاوڕێی شۆڕش لە زیندانەکاندا بە ئەمری واقیع لە ناوبران و تیرۆرکران. یان بە ئەمری مادە کە تەنیا بڕیاری کۆتایی بە دەستە لە ناوبران. جگە لەمانە چەندان جەنگی ناعادیلانەیان دژی گەلان و وڵاتان بەرپا کرد و چەندان پەیمانی ئابووری و سیاسی بە قازانجی چینی سەرمایەدار و داگیرکەر بەست. کە واقیع لە کۆتاییدا هەر خۆیان و بیرکردنەوەی خۆیان بوو. بیری گەندەڵیان بە ناوی فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالیکتیکییەوە پێش واقیع خستبوو. زۆر لەسەری نەڕۆم، بە کورتی و کرمانجی، مادە پێش فیکر بکەوێت، یان بە پێچەوانەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا، جیاوازییان نابێت. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە، کە مادە پێش بیر بکەوێت، یان بیر پێش مادە بکەوێت دەماری بڕبڕەی پشتی بیری شۆڤێنییە و عەقڵییەتی تەسلیم بوونە. ئەگەر ماوەم بدەن دەتوانم

تێزەکەم شی بکەمەوە.

پێش و پاش خستنی فیکر و مادە، هەر هەمان واتا دەبەخشێت ئەویش مراندنی ڕەهایە. نە تەجریدە و نە ئەبستراکتە. هەندێ ئەنتەلکتوێل دەڵێن؛ بۆ تەجرید و تەشریح ڕەها دەمرێنین. ڕاستە بۆ شیکردنەوەی دیاردەیەک، تەشریحی واقیع دەکرێت. بەڵام ئەمەی ئەمان دەیکەن بە بیری لنگەوقوچیان، بە ناوی فەلسەفەی مارکسیزمەوە واقیعێک لە مێشکیاندا بینادەکەن، کە بەرژەوەندی خۆیانە، کە هیچ نییە تەنیا شێواندنی ڕاستییەکان نەبێت.

چونکە ڕاستە ڕەهایەکە (وحدانیة) و لە هەمان کاتدا دوو پۆلە. هەردووکیشیان بە دژایەتی یەکتر دەژین و بە ململانێی یەکتر وەحدانین (یەکیتین). ئەگەر هەر کامێکیانمان پێش و پاش خست، بنەڕەتی یاسای دیالیکتیک ڕەچاو ناکەین. هەروەها ئەم دوو پۆلە لە دژایەتییەکی سیمیترکی (Symetrique)، بە ڕابەرای یەکساندان، ناکۆکن و یەکگرتووی کامڵن. ئەم پرۆسەسە پێی دەڵێن؛ تەجریدی یان بە زبانی لاتینی (abstracts). نەک پێش و پاشخستنی دوو پۆلی دژوار، کە یەکگرتوون و «یەکن». واتە هۆی وجودیان ناکۆکییە، هۆی ناکۆکیشیان وجودیانە.

(بیر و مادە) لە یەک جودا ناکرێتەوە. چ مادە بڕیاری بیر نادات، چ بیر بڕیاری مادە نادات. هەرکامێکیان لە پێش یان لە پاش بێت، هیچ نییە، تەنیا شێواندنی واقیع و بیر نەبێت. جگە لەوەی کە هۆش لە (کات و شوێنی) مێژووی خۆیدا، سەنگی هەیە.

بۆ ئەم جیاکردنەوە و لەیەک پچڕاندنە، نموونەیەکی زیندوومان هەیە. هەندێ «خوێندەواری» کورد لە خەڵکی وا دەگەیەنن، تا ئابوورییەکی بەهێزمان نەبێت، ناتوانین ئەنجومەنێک یان دەوڵەتێکی سەربەخۆمان هەبێت. یان ئاسانتر، تا ئابووری بەهێزمان نەبێت، دەوڵەتی سەربەخۆمان نابێت. ئەم جۆرە بۆچوونە، جیاکردنەوەی بیرە لە واقیع. تەنیا تەماعی توێژێکی کۆمەڵی کوردەوارییە، کە یەک دەگرنەوە لەگەڵ هەندێ لە دیکتاتۆرەکانی دەوڵەتە دراوسێکانمان. ئەگەر بەم پێوەرە فیکرییە سەیری ژیانی کۆمەڵایەتی بکەین، یاسای دیالێکتیک چەوتە. چونکە لە ڕوانگەی فەلسەفەوە هیچ کامێکیان بە بێ یەکتری هەنگاوێک ناچنە پێشێ. ئابووری مەحکەم بیری مەحکەم و ئازادی بیرکردنەوەی گەرەکە. مەنهەج و نەخشەی سەربەخۆیی زانستییانەی گەرەکە. چۆن میللەتێکی ئازاد دەتوانێت ئابوورییەکی ئازاد و بەهێزی هەبێت؟ ئەگەر نەخشە و بەرنامەیەکی ئازادی نەبێت. چۆن میللەتێک پارە و ماڵ و موڵکی لە ژێر چنگی کەسانێکی تردا بن، بە مەرجێ ئەو کەسانە دیکتاتۆر و نازانست و لاهووتی بن، دەتوانن ئابوورییەکی سەربەخۆیان هەبێت!!.

مادده و بیر لە مەنهەجی دیالیکتیکی وەدەردێنن، بە تەنیا ناوی فەلسەفەی ماتریالیستی لێدەنێن. بە جودا دەیکەنە فەلسەفەیەکی تر. وەک خۆیان دەڵێن فەلسەفەی ماتریالیزمی ڕێبازی فیۆرباخ، لەگەڵ فەلسەفەی دیالیکتیکی ڕێبازی هێگڵیان بەیەکەوە گرێداوە. ئەدی بە گوێرەی تێڕوانینان، فەلسەفەی هێگڵ ئایدیالی بوو، ئەوان ڕۆحی ماتریالییان کردە گیانیەوە. لەم بارەیەوە هێگڵ لە مێژووی فەلسەفەدا دەڵێت؛ کاتێک فەلسەفەکان بە ڕێژەیەک هەمەڕەنگ و جیاوازبن، ئەوە دەرەنجام دەکەین، کە فەلسەفەکانی تر، بە زەرووڕەت، فەلسەفەی گومڕاو و سەر لێشێواون. یان تەنیا کۆمەڵەیەکن لەبەر ئەوەی بڕیار دەردەکەن، بەڵگە دەهێننەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە هەر خۆیان تاکە فەلسەفەیەکی ڕاستن (٢). لای مارکس (بیر و مادە) لە یەک جودا ناکرێنەوە، بە شێوەیەکی تر، ئەگەر وشەکان دەرفەتم بدەن بڵێم، فیکر ئەلیمەنتێکی (عونسورێکی) مادییە. ئەو واقیعەی ئێمەی بەو شێوەیە دەیبینین، مێژووی گرافی بیر و مادە بێت. بە هەردووکیان لەگەڵ ڕابردوو و داهاتوودا، لە پێوەندییەکی دیالیکتیکیدا بن، یان لە پێوەندییەکی ململانێدا بن. باشترین نموونە؛ مۆخە، کە لە یەک ئان و کاتدا (مادە و بیر)ە. بەڵام لەکن لینین بۆ پاکانەی خودی بیری و مەنهەجەکەی، واقیع دەکاتە شاهید، واقیع دادەبڕێ لە فیکر یان دەتوانین بڵێین، لە دیالیکتیک، لە میتۆدی عەقڵی فەلسەفی. هێگڵ لە مێژووی فەلسەفەدا دەڵێت؛ فەلسەفە، هیچ نییە جگە لەوەی کە میتۆدێکە هەموو یاساکانی سروشت و دیاردەکانی ژیان و هوشیاری، ڕەنگدانەوەن لەم حەقیقەتەدا. (٣)

بە گوێرەی مێژووی زانست (بیر و مادە)ی هەر سەردەمێک، ئاوێتەی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا ژیاوە، کە لە سیلەی ڕەحمیدا، فەلسەفی داهاتوو، کە قاتیلی خودی خۆی هەڵگرتووە، واتە دووگیانن و بێ کۆتایین. مانای ئەوەنییە فەلسەفەی پێشوو لنگەوقووچە، ئەمان هەڵگێڕانەوە و پاڵەوان بازییان لەسەرکردووە. ئەگەر

نایانەوێت بڵێن بیر لە پێش مادەوە بێت، لنگەو قووچە.

ئەم ڕاستییە زیاتر لە زانستی سروشتدا دەردەکەوێت. هەرچەندە «زانستی سروشت» ئامانجی بەرهەم هێنانە و سەمبۆلەکانی ئەبستراکتن و زمانی ماشێنی بەرهەم هێنانن. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، ناچارم کە مێژووی ماتماتیک بکەمە شایەد. چونکە جگە لە زانست شاهێدی تر شک نابەم. بۆیە هاتنە کایەیی ژمارە، ئەدیسییۆن، (مولتی پلیکاسیوێن)، ئەلجەبر، تاکو دەگاتە (ئاوێنەی کۆمپلێکس) و (مەتریس). هەروەها لە سەرەتای سەدەی بیستدا ماتماتیکی بول بە دوایدا ماتماتیکی نوێ و لۆجیک بە جۆرەکانییەوە، هاتوونەتە کایەوە. ئەمانە ئەوە نیشان دەدەن، کە هەر قۆناغە، زانیاری خۆی هەبووە.

نموونەیەکی زانستی تر لە سەرەتای سەدەی پێشوودا، زانستی فیزیا ڕێگایەکی تری گرت کە لە سەرەتادا هەستی پێنەکرا تا سی ساڵ بە سەریاندا تێنەپەڕیبوو. تا گۆڕانکارییەکە بووە شۆڕشێکی مەزن بەسەر ئەم زانستە. ئەوە بوو کە فیزیای کلاسیک لەبەر بێتوانایی ناچار بوو، ڕێگا چۆڵ کات بۆ فیزیای نوێ، دیراسەت و ئەزموونەکانی بەسەر دیاردەکاندا کە بە چاو نەدەبینران دەکران (٤). ئەمە بەشێکە لە مێژووی (هۆش و مادە)، کە لە ئاوێنەی مێژوودا و لە زەمەنی خۆیاندا دەردەکەون.

مێژوو بریتییە لە گزافی (بیر و مادە)، قۆناغێکی نوێ ئەسڵەن بەبێ قۆناغی پێشووتر و دواتری وجودیان نابن. ئەوەتا هێگڵ هەرلە هەمان سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت؛ ئامانجی فەلسەفە دەبێت مەعریفە بێت، بەو چۆنیەتیەی کە فەلسەفە، زنجیرەیەکی یەک لە دوا یەکی مەعریفە بووە، لەناو زەمەندا دەرکەوتووە.

هەروەها لە پێشەکی گشتی ڕەخنەی ئابووری سیاسیدا مارکس دەڵێت؛

بزوتنەوەی هۆش، هیچ نییە عەکس دانەوەی، جووڵەی واقیع نەبێت، کە ترانسپۆرتی تەکوینی، لە دەماغی مرۆڤدا کردووە (٥). ئەم شیکردنەوەیەی مارکس یەک پایە و ناتەواوە. ئەگەرنەڵێیت؛ هۆشیش بە هەمان شێوە، جارێکی تر لە هەمان کاتدا تەئسیری خۆی لەسەر واقیع کردووە جا بەم شێوەیە بوون بەیەک تەکامل یان یەک یەکێتی، ئەویش یەکێتی (بیر و واقع)ە.

لەسەر هەمان مەبەست و بە شێوەیەکی تەواوتر هێگڵ لە ئەنسکلۆپیدیای عەقڵدا دەڵێت؛ بیر هیچ نابێت، لە پاڕانەوە بۆ بوون یان (واقیع) نەبێت، بە پێچەوانەوەش، واقیع نابێت کە بە هۆی بیر یان (فیکر)ەوە نەبێت. ئەم چەند وشە بەهێزەی هێگڵ و مارکس، ئەوە ناگەیەنێت، کە مادە و هۆش پێش و پاش کەوتوون، بەڵکو مۆخ، مادەیەکە کە دەتوانێت، شکڵی واقیع هەزم کات و هەردوو پێکەوە، داهێنەر و بزووتنەوەی مێژوو بن، کە لەگەڵ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا لە پرۆسیسی دیالێکتیکیدا بۆ وەزنی تێگەیشتن، ناڵێین هۆی بوون (وجود) دوو پۆلی دژوارە، هیچ پۆلێکیان پێش ئەوەکەی تریان نییە، هەر ئانێک لەو (بوون)ەدا، سیمەتریک (Symetriqe) نەبن، بوونەکە نامێنێت، یان بە هەردووکیان دەبنە (بوون)ێکی تر، کە ئەم بزووتنەوەیە مێژوو دروست دەکات یان خودی مێژووە و بۆ خۆی یاخی بوونە.

نزم کردنەوەی ئاستی زانیاری و مێژووی هەموو هۆشی مرۆڤایەتی، لە تەنیا تاکە کەسێدا. بکرێتە سەمبۆڵ، ناونرێت فلان نیزم ، وەک مارکسیزم یان لینینیزم، یان هەر کەسانێک لە زانیاریدا بۆ گۆڕینی جیهان کاریان کردبێت، بکرێنە کەسەنیزم، لە مامەحەمەیی زیاتر هیچی تر نییە. هەر لە کانتەوە بیگرە تا سپینۆزا و هێگڵ و کەسانی تر، هەر هەموویان خەیاڵی، نازانستی، لنگەوقووچ و زۆرشتی تر نەبوون، بەڵکو بزووتنەوەی مێژوویی و بیری سەردەمی خۆیان بوون. لە سەردەمی مارکسدا، لەناو جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیدا، کەس پێی نەوتبوو مارکسیزم، لەگەڵ ئەوەی مارکس دیالیکتێکی مێژووی هێگڵی لە ئابووریدا بەکارهێنا. بۆشەرحی فایزی بەها (زێدە بایی)، شەرحی مێژووی دابەشکردنی کار و هەروەها بۆ مێژووی شۆڕشی چینایەتی، بیری هێگڵ پاڵپشتی بووە. بزووتنەوەی بیری هێگڵ، وەک خۆیان دەبێژن لنگەوقووچ بووە، ئەمان خستوویانەتە سەر پێ. بە هەمان شێوە و لەسەر هەمان مەبەست دەتوانین بڵێین: نەخێر لنگەوقووچانە لە فەلسەفەی هێگڵیان ڕوانیوە. بۆیە دوای سێ چارەکە سەدە، ئەوەی ڕەشەبا بە دەواری شڕی دەکات، لەوە خراپتری بە بیری لنگەوقووچیان کرد.

هاتنی کارەکانی هێگڵ و مارکس سەردەمێکی مێژوویی بوو، کە زانستی کلاسیکی، وەک ماتماتیک، فیزیا و شیمی وەڵامی زۆر پرسیاری بەرهەمهێنانی سەردەمیان نەدەدایەوە. بە بەرپابوونی شۆڕشی زانستی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا. یارمەتیدەرێکی مێژوویی بوو بۆ شۆڕشی (هۆش و مادە). لە دوای مارکس و ئەنجلیسەوە قۆناغێکی بەرزتر لە هۆش و مادە نمایەش

بوو. هەر بۆ خۆیان باس لەوە دەکەن، لە سەرەتای مێژووی بزووتنەوەدا، کە تەنیا بیرکردنەوەیان نەبوو، کە تاکەکانی لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە، بەڵکو بۆ بژێویان، بەرهەم هێنانیان دەست پێکرد (٦). واتە کارکردنیان بۆ گۆڕینی واقیع و تەئسیری سروشت لە سەریان جیای کردنەوە لە ئاژەڵ.

مارکس ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، تا بەرهەم هێنان بەرەو پێشەوە بچێت، بیر بەرەو تەکاملتر دەچێت. هەروەها لێرەدا پێویستە کەمێک دوورتر لەم ڕستەیە بڕوانین، تا بتوانین بۆ ئەم بیرکردنەوەیەکی مارکس و ئەنجلیس. بیرکردنەوەی هێگڵ بۆ بەشی دووەمی ڕستەکەیان زیاد کەین: کە بڵێین ڕاستە بەرهەم هێنان لە ئاژەڵمان جوودا دەکاتەوە، بەڵام بیرکردنەوە جارێکی تر تەئسیر دەکاتە سەر پێشخستنی ئابووری و بەرەوە پێشەوەی دەبات. بە مەرجێ لە بیرکردنەوەدا ئازادبین و سەربەخۆیانە نەخشەی ئابووری داڕێژین لنگەوقووچ نەبین.

لێرەدا دەردەکەوێت هێگڵ لەم بارەیەوە کەمتر لە مارکس لە ژێر تەئسیری زانیاری میکانیکدا بووە. هەرچەندە ئەم بابەتە پێوەندی بەم باسەی ئێمەوە نییە و پێویستی بە نووسراوێکی تایبەتی هەیە ئەوەتا هێگڵ لە مێژووی فەلسەفەدا دەڵێت: فەلسەفە مەعریفەیە، هەرکاتێک بنەڕەتییەکانی بیر پەرەدەسێنێت، فەلسەفە کاملتر و موتەقتر خۆی دەنوێنێت.

تەئسیری شۆڕشی زانیاری دنیای بیرکردنەوەی بەرەو تەکاملتر بردووە، کاتێک میشێل فوکو بە باشی باسی ئەم قۆناغە دەکات، کە زانیاری مۆدێرنی، سەدەی نۆزدە و بیستەم، ئینسانی وەک بابەتێکی زانیاری داهێنا، ئەمەش لە سەدەی بیستەمدا لە سێ بواردا، (لە دیراسەی تێکست و زانستی زمانەوانی و دادگایدا) دەرخست. (ئابووری سیاسی) و (زانستی بایلۆجی)، هەموو شکلی ئینسانیان کردە بابەتێکی زانیاری، کە مرۆڤ قسە دەکات، کاردەکات و ژیان دەگوزەرێنێ. دکتۆری زانستی دەروونی و زانستی کۆمەڵایەتی کاردەکەن، کە مرۆڤ بکەنە بابەتێکی مەعریفی (٧). ئەو مادە مەعریفەیەی، لێرەدا دەبیینین و هەستی پێدەکەین، مادە و هۆشە، کە مەعریفەی مرۆڤە لە قۆناغێکی ژیانی دیاریکراوی مرۆڤدا.

لەم ڕووەوە هەستدەکەین، مارکسیزم دوو فەلسەفەی موتروبەکراو؛ دیالیکتیکی هێگڵ وماتریالیزمی فیۆرباخ نین. دواجار لەم موتروبەکردنە دارێکی عەجایبی لێدەرچوو بێت، بۆ هاوین ماتریالیزمی دیالیکتیکی گرتبێت. بەم جۆرە مورتروبەکردنە، دەبێت چەندەها فەلسەفە هەبن کە ئەمە دژی حەقیقەتی فەلسەفەیە. جگە لەمانە ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە هەر سەردەمێکی مێژوویی، بیرکردنەوەی خۆی هەیە. کە بیرکردنەوەی قۆناغی داهاتوو ئامادە دەکات. هەروەها بیر و واقیع پێشوو پاش خرێن، هێزێکی ئایینی و ڕۆحانی دەکرێت بە بەریاندا. پێش و پاش خستنی بیر و مادە، دەمان گەیێنێتە ئەو ئەنجامەی، کە لایەکیان دەبێتە سەمبۆڵ، یان لاهووت، لاکەیتری عەوام. یەکێکیان دەبێتە خالیق ئەویتریان مەخلوق. لایەکیان بنەماڵە، لایەکەیتریان بێ بنەماڵە، لایەکیان خۆفرۆش لایەکیتری فرۆشراو. ئەدی چۆن لایەکیان پێشکەوت ئەگەر پەنجەی مووحەریکی خواوەندەکانیان نەبن. کە ئەمەش دەمان گەڕێنێتەوە بۆ شەهادەت کە هەمان بیرۆکەیە ئەویش «سەمبۆلیزمە»، کە خالقی سەر زەمینە. کە خالقی سەر زەمینیش خەلیفە و سەرەک هۆزەکانە. یەکەم بیری نەگۆڕ و چەقوویان هەیە. دووەم تا هیچ کەس نەتوانێت ڕەخنەیان لێبگرن. سێیەم کەسێکی سەمبۆڵاوی دەبێت پێشڕەوی، یەکیان بێت. لە کۆتاییدا دەبنە بیری خەلیفە و سەرکردە نەگۆڕەکان، بە خۆیان و ماڵ و منداڵ و خێڵەکەیانەوە. ئاساییە لینین ئاوی ڕشت بێچۆکان قاچیان تێخست و خۆیان پیسکرد.

**پەراوێزەکان:**

**(1) Introduction generale a la critique de Ieconomie politique (1857) Marx I p 2. le mouvement de la pensee nest que la reflexion du mouvement reel, transporte et transporte dans le cerveau de ihomme. Marx I, 558.**

**٢) هێگڵ مێژووی فەلسەفە.**

**(3) Arthur march, la physique moderne et ses therosios.**

**(٤) لە پێشەکی گشتی ڕەخنەی ئابووری سیاسیدا.**

**(5) Lidee nest le vrai que par la mediation de letre, et inversement, Ietre ne Iest que parcell celle de lidee. Enc. 133.**

**(٦) لە کتێبی ئایدیای ئەڵمانی**

**(٧) لە کتێبی (les mots et les choses) دا (وشەکان و شتەکان) مسوێ فوکو میشێل.**